سەرۆک وەزیرانی: بەرەوپێشچونی توانای هێزی ئەمنییەکانمان ئاماژەیەکی باشە بۆ کۆتایی هێنان بە ئیرکی هاوپەیمانی نەوەدووەتی



سەرۆک وەزیرانی عێراق رایگەیاند، "بەرەوپێشچونی توانای هێزی ئەمنییەکانمان، ئاماژەیەکی باشە بۆ کۆتایی هێنان بە ئیرکی هاوپەیمانی نەوەدووەتی"، لە بەرامبەردا وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمانیا وتی، ئەم پشتگیری لەو هەنگاوەی حکومەتی عێراق دەکەین و ئەمانیا ئامادەیە بۆ واژکردنی رێککەوتنی ئاسایش و سەربازی لەگەڵ عێراق."

نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق بڵاویکردەوە، محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەگەڵ تێبایس لێندنەر وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمانیا کۆبوو و گفتوگۆیان لەبارەی پەیوەندییە هاوبەشەکانی هەردوو وڵات کرد.
لە کۆبونەوەکە محەمەد شیاع سودانی رایگەیاند، پشوازی لە کەمپانیا ئەمانییەکان دەکەن، کە بە بەشداریکردن لە پڕۆژەی گەشەپێدان و چالاکردنی ژێرخانی ئابووری عێراق بەشدارن.
ئاماژەی بەوەشکرد، دەخی سەقامگیری و ئاسایشی ئێستای عێراق لەئاستێکی باشدایە، بەرەوپێشچونی توانای هێزی ئەمنییەکانیش ئاماژەیەکە بۆ گرنگیدانیان بۆ کۆتایی هێنان بە دەسیەی بونی هێزی هاوپەیمانی نەوەدووەتی

لە بەرامبەردا وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمانیا ئەوەی خستەو، ئەمانیا پشتیوانی لە هەنگاوەکانی حکومەتی عێراق دەکات بۆ کۆتایی هێنان بە بونی هێزی هاوپەیمانان لە وڵاتەکە، ئەوانیش ئامادەم واژە لەسەر رێککەوتونی هەماهەنگی دوقۆڵی بکەن لەگەڵ عێراق لە بوارەکانی ئاسایش و سەربازی.